# ئارێنت و ناشیونالیزم

نووسینی: ڕۆناڵد باینەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: بەختیار کەریم

لەڕاستیدا لێرە (لە ئەمەریکا) ئازادیی بوونی هەیە....کۆمارەکە وەهمێکی بێتام نییە، ئەو ڕاستییەی کە نە دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە و نە دابونەریتێکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی کەشوهەوای ئازادیی دەخوڵقێنێت....

ئارێنت لە نامەیەکدا بۆ کارڵ جاسپەر
1964/01/29

چونکە من خۆم جولەکەم "خۆشەوسیتی جولەکەکان" بۆ من، زیاتر وەک شتێکی گومانلێکراو خۆی نمایش دەکات. من ناتوانم خۆم یان ئەو شتانەم خۆشبوێت، کە دەزانم پارچەیەکن لە خودی کەسیی خۆم.

ئارێنت لە نامەیەکدا بۆ گێرشۆم شۆلێم
1963/06/24

هانا ئارێنت هەندیک جار وەک ئیلهامبەخشێک یان سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هزری سیاسیی جڤاتگەرایی (communitarian politics) دادەنرێت. ئەم دیدە هەندێک لە دروستی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، بەڵام کەمێک زیاترە لە چەواشەکاری ئەگەر پێمانوابێت، کۆی تیۆرە سیاسیەکەی جڤاتگەراییە. چونکە ئەوەی جڤاتگەرایی وەک بەرەنگارێکی فەلسەفەیی لیبراڵیزم جیادەکاتەوە، بریتیە لە دیاریکردنی چۆنیتی فراژانی خود لەلایەن شوناسی کۆمەڵ یان گروپەوە، هەروەها ئارگومێنتیان لەسەر ئەوەی کە سەرقاڵیی نادروست لەتەک شوناسی هاوبەشی تەنکدا، ئاماژەیە بۆ شکستی لیبراڵ-تاکگەرایی (liberal-individualist) لە چەمکاندنیاندا بۆ جڤاتی سیاسیی. بەڵام ئەگەر ئارگومێنتی پێگەیشتووی جڤاتگەرایی جەخت لە کۆفراژانی خودێتی بکاتەوە و گرنگی

سیاسیی شوناسی هاوبەشیش بەهەمان شێوە پێک بێت، مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە لە جڤاتگەراکان دەکات کە سۆزێکی زۆریان بۆ سیاسەتی ناشیونالیزم هەبێت (فۆرمیک لە سیاسەت کە شوناسی هاوبەش و وەلائی جڤاکیی، لە هەناوی تێڕامانی خۆیدا بۆ ژیانی سیاسی دادەنێت). وەلێ وەک دەبینین هزری هانا ئارێنت لەم ڕووەوە بەئاشکرا دژە-جفاتگەراییە. لێرەوە ڕاڤەکردنێکی هەڵوێستی ئارێنت لە ناشیونالیزم هاوکارمان دەبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانەی هزری ئەو کە لە زۆرترین جیاوازیدان، بەتایبەتیی لەگەڵ خەمی جڤاتگەراکاندا. ئەگەرچی ڕەخنەی ئارێنتیانە و جڤاتگەراییانە لە لیبراڵیزم لەڕێگەی گرنگەوە تێکەڵ دەبن، بەڵام لە ڕوویەکی یەکلاکەرەوەوە، ڕەخنەی ئارێنت لە لیبراڵیزم، کاریگەرە بە کۆمەڵێک خەمی تیۆریی تەواو جیاواز لەوانەی ڕەخنەگرانی جڤاتگەرا سەرقاڵ دەکات.

ئاسانترین ڕێگەی ئاشنابوون بە دیدی ئارێنتیانە لەسەر ناشیونالیزم تێڕوانینە لە زایۆنیزمی هاوچەرخ. زایۆنیزم توخمێکی کلاسیک (ڕەسەن)ی سیاسەتی ناشیونالیستانەیە، چونکە زایۆنیزم، ئەزمونی هاوبەشی جولەکەکان دەکاتە بنەمای داواکاری دەوڵەت، هەروەها هاوبەشیی نەتەوایەتیی دەکاتە نێوەند بۆ کۆی سیاسەتی گەردونیی. نووسینە سیاسیەکانی ناوەڕاست تا کۆتایی چلەکانی ئارێنت لەسەر کێشەی سیاسەتی جولەکە وەک تیزێکی لێکنەپچڕاو دەردەکەوێت. لەم نووسینانەدا، بەتایبەتی لە چوار وتاری گرنگدا کە ڕاڤەی پێشڤەچوونەکانی بزوتنەوەی زایۆنیزم دەکات لە قۆناغی گرنگی بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا، ئارێنت سیاسەتی زایۆنیزم وەک ئەوە نمایش دەکات، کە چەمکێکی کۆن و لەڕۆژبەدەری بۆ جفاتی سیاسی هەڵبژاردبێت، لەوێوە خیانەت لە خولیای ڕاستەقینەی خەڵکێکی چەوساوە و پاڵنەرە باشەکانی دەکات. پێدەچێت ئارێنت پێشنیاری ئەوە بکات کە لەو قۆناغەدا، بە دیاریکراوی لە سەدەی نۆزدەدا، ناشیونالیزم کە سەریهەڵدا دۆکترینێکی سیاسی یەکانگیر و تا ئەندازەیەک سەرنجڕاکێشی پێشکەش کرد: پاش ئاماژەدان بە ناشیونالیزم وەک ئەوەی "ڕۆژگارێک پرینسپڵێکی مەزنی شۆڕشگێرانە بوو، بۆ ڕێکخستنی نەتەوایەتی خەڵک". ئارێنت بانگەشەی ئەوە دەکات کە پاش گۆڕانی بارودۆخە سیاسیەکان، پرینسپڵی ناشیونالیستانە دەبێتە هێزێکی ئەهریمەنی و "چیتر نە دەتوانێت گەرەنتی سەروەری خەڵک بکات لەناوەوە، نە دەتوانێت پەیوەندییەکی دادوەرانە لەگەڵ خەڵکی تردا لەدەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەتدا فەراهەم بکات." لەبەرئەوە بەرلەهەموو شتێک دەبێت لە کاراکتەری ئایدۆلۆجیا سیاسیەکەی زایۆنیزم بگەین، چونکە بۆ ئارێنت ئایدۆلۆجیا کەم تا زۆر هاوشێوەی شێواندنی زەمینەی سیاسیە. زایۆنیزمی ئەوانەی کە دەشێت بە "زایۆنیزمی سیاسیی ڕاستەقینە ناودێر بکرێن،" جیاواز لەو ئایدیاڵیستە نا-سیاسیانەی کە بزوتنەوەی کیبوتز (kibbutz) یان پێکدەهێنا، ئارێنت دەنووسێت، نەوەی ئەو "بزوتنەوە سیاسیانەی سەدەی نۆزدەن کە ئایدۆلۆجیاکانیان بە کلیلی مێژوو دەزانی، لە هاوبەشیدا لەگەڵ [سۆشیالیزم و ناشیونالیزم] مەحکوم بوون بەو چارەنووسە

خەمناکەی کە زیاتر لە تەمەنی خۆیان مەرجی سیاسیان بژین و بەشانازیەوە وەک خێو لە دەوری یەکدی کۆببنەوە و لەنێو وێرانەی سەردەمەکەی ئیمەدا پیاسەبکەن."

دیدی بنەڕەتیی ئارێنت بۆ زایۆنیزم ئەوەیە، کە زایۆنیزم "ئایدۆلۆجیای خێڵگەراییە،" (sectarian ideology) کە سوودمەندە بە "کاتیگۆری و میتۆدەکانی سەدەی نۆزدە،" و پێداویستیی هەنووکەیی هەیە بۆ پێداچونەوە بە "کۆی دۆکترینە لەڕۆژبەدەرەکانی". ئارینت پێیوایە, هێرزڵ (Herzl) بیریارێکی سیاسی بوو کە ڕاستییە سیاسیەکانی سەدەی نۆزدە نەخشاندبوویان، لێرەوە دیدگا سیاسیەکانی "بەئەستەم دەتوانن گوزارشت لەخۆیان بکەن لەهەر فۆرمێکی تردا جگە لە فۆرمی دەوڵەتی-نەتەوە. بیگومان لە سەردەمەکەی ئەودا، داوای مافی چارەنوسی نەتەوایەتیی گەلان خۆی لە خۆیدا بەڵگەی دادوەریی بوو تا ئەو جێگایەی پەیوەست بوو بە خەڵکی چەوساوەی ئەوروپاوە، لەبەرئەوە پیداگرتنی جولەکەکان لەسەر هەمان شێوە لە ڕزگاریی و ئازادیی، هەڵە یان بێمێشکی نەبوو". ئێستاش کە شتەکان بەم شێوەیەن ناکریت لۆمەی هیرزڵ بکرێت کە نەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات "کە کۆی بونیادی دوەڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەریی، گەورە یان گچکە، لە پەنجا ساڵی داهاتودا دادەڕمێت." کێشەی سەرەکی بزوتنەوەی زایۆنیزم ڕاستیی کوشندەی ناشیاوی کات بوو: زایۆنیزم "داوای دەوڵەتی نەدەکرد لە سەردەمێکدا کە لەوانە بوو هەموو لایەک پێی ببەخشێت، بەڵام کاتێک داوای کرد کە کۆی چەمکی سەروەریی نەتەوایەتی ببووە گاڵتەجاڕیی". ئارێنت، دووبارە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناشیونالیزم لەڕۆژبەدەرە، چونکە ئەوەی لەسەردەمی ئێمەدا بینرا، "داڕوخانی جەرگبڕی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوایەتییە": ئەوروپییەکان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامە حاشاهەڵنەگرەی کە "دەوڵەتی نەتەوایەتیی نە لە توانایدا هەیە بوونی نەتەوە بپارێزێت و نە دەتوانێت گەرەنتی سەروەری خەڵک بکات". ئەم دێڕانە بەر لەوە نووسراون کە زایۆنیزم بە ئەنجامی خۆی بگات لە فەراهەمکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیدا، هەروەها چوار دەیە بەرلەوەی کە کۆتایی جەنگی سارد گوژمێکی توندی دایەوە بە پرینسپڵی دەوڵەتی نەتەوە. ئارێنت پێشنیاری ئەوە دەکات، کە هیرزڵ داخوازیەکەی خۆی بۆ دەوڵەتی جولەکە لە ڕێگەی داوای مافی چارەنووسی نەتەوایەتیەوە فۆرمۆلە کردبێت، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی تا چەند هزری سیاسی هێرزڵ لە چوارچێوەی کاتدا بووە. بە بەراورد لەگەڵ ڕابوردودا، سەختە نەگەیتە ئەو دەرئەنجامەی ئارێنت خۆی زۆر زیاتر لە چوارچێوەی کاتدا بوو لە ڕەتکردنەوەیدا بۆ پرینسپڵی دەوڵەتی نەتەوە، وەک لە هێرزڵ لەکاتی لەئامێزگرتنی هەمان ئەم پریسنپڵەدا.

ئەوەی سێنتراڵە لە ڕاڤەکردنی ئارێنتدا، تێڕامانیەتی لەو جۆرەی زایۆنیزم، کە دەستەبژێری ڕووناکبیر دەستی بەسەردا گرتبوو، جۆرێک کە بە ڕەوشتی پاڕانەوە لە زلهێزەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ ئیمپریالیستە ستەمکارەکان، ئومێدەواربوو لە شێوازی ئەوروپیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە فەلەستین بەخێرایی و بەئاسانیی

دەستەبەربكات. ئارێنت لەو بڕوایەدابوو کە زایۆنیزم تووشی "خۆشخەیاڵیی نەتەوەداریی" (the delusion of nationhood) ببوو، بەو واتایەی کە ئەم ئایدیاڵە سیاسیە چیتر واتادارنییە و سەرانی زایۆنیزم خۆیان دەخەنە خزمەت بەرژەوەندیی ئیمپریالیستەکان، لەپێناو دڵنیاکردنەوەی خۆیان لەوەی کە خەیاڵەکەیان هێشتا شایانی بەدەستهێنانە. بەم جۆرە ئارێنت دژی ئەمەیە و پێیوایە ئەمە دەکرا زیاتر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەنی سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی جولەکە بوایە (ئەگەرچی ئارێنت زۆر ڕۆشن نیە لەسەر پێکهاتەی ئەم سیاسەتی زایۆنیزمی شۆڕشگێڕانەیە). ئارێنت دەنوسێت "هەموو ئەو بزوتنەوە نەتەوایەتییە شۆڕشگێڕانەی گەلانی بچوکی ئەوروپا کە بارودۆخیان لەیەک کاتدا بارودۆخی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بوو، "بەرجەستەیەکی تەندروستی ئەو تێکەڵەیەی سۆشیالیزم و ناشیونالیزمیان کرد؛ بەڵام لە پەیوەند بە زایۆنیزم هەر لە سەرەتاوە کەرتبوونێکی زەرەرمەند کەوتە نێوان "ئەو هێزە شۆڕشگێڕە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە سەرچاوەیان گرت" لەگەڵ خولیای هێرزڵی بۆ ڕزگاری نەتەوایەتیی پەتیی.

زایۆنیزمی مێژوویی باڵادەست فێڵی ئەو دەستەبژێرە بوو، کە بازی هەڵدا بەسەر "بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی نەتەوایەتیی ڕاستەقینە، کە لە خەڵکی جولەکەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو". "ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو ڕێچکەیەی هێرزڵ شکاندی و وایزمان (Weizmann) تا تاڵترین کۆتایی برِی، بریتی دەبوو لە ڕێکخستنی خەڵکی جولەکە، بۆ دانوستان لەسەر بنەماکانی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی مەزن"؛ بەڵام دەرهاویشتەکانی بزوتنەوەی زایۆنیزم لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ئەژنۆشکێنانە بریتی بوو لە "نمایشی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی، ئەگەرچی سەرەتا بە وزەی ئایدیاڵەوە دەستیپێکرد، هەر لە ساتەوەختی یەکەمەوە خۆی دایە دەست ئەوانەی کە-دەبنە-زلهێز، کە هیچ سۆزیان بۆ ئەو گەلە چەوساوانە نەبوو، ئەگەرچی مەرجە مێژووییان وەکی تر لە جولەکە جیاواز بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا هاوشێوە بوون، ئەو هەوڵەی کە تەنانەت لە خەونی سپێدەی ئازادیی و دادوەرییدا سەودای لەگەڵ ئەهریمەنترین هێزی سەردەمەکەماندا کرد، بە سوود وەرگرتن لە بەرژەوەندیە ئیمپریالیستییەکان." بەکورتی "ئەگەرە ڕاستەقینەکانی شۆڕشگێڕیی زایۆنیزم بۆ ژیانی جولەکە" کرانە قوربانیی لەڕێگەی بە مەکینەکردنی سەرکردەکانی زاییۆنیزمەوە. هەموو ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن کە لە دیدی ئارێنتدا، ئەگەری جۆرێک لە سیاسەتی نەتەوایەتیی جولەکە هەبوو، کە بەڕاستی ڕزگاریخواز بێت، بە گرنگی دان بە ئەجێندای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر، بەڵام ئەم ئەگەرانە لە ڕێگای عەقڵیەتی سەوداکاریی سەرانی زایۆنیزمەوە لەنێوبران: هەڵبژاردەی سیاسی تەلیسماوی، بزوتنەوەکەی گرێدەدا بە ڕشتێک کردەی سیاسیەوە کە بەپێی ئایدۆلۆجیایەکی ناشیونالیستانەی بەرتەسک پێناسەدەکران. ناشیونالیزم لە تێگەیشتنێکدا، تێگەیشنێک کە بەدەر نیە لە پارادۆکس، کە کەم تا زۆر

شوێن پێی ئارگومێنتەکەی ئارێنت هەڵدەگرێت، بریتیە لە تێکدانەوەی (unmaking) زایۆنیزم.

تێزێکی دیکەی ئامادە لە نووسینە سیاسیەکانیدا لەسەر جولەکە، بریتیە لە خولیای ویرانکارانەی بۆ دەوڵەتی نەتەوایەتی یەکگرتو، نەک تەنها خواست بەڵکو پێداویستیەکی یەکلاکەرەوە بۆ فیدراڵیزمی جولەکە-عەرەب. ئەم تەرزە لە ڕەخنە بە ڕوونی و قووڵ ڕۆدەچێتە نێو دڵی سیاسەتی ناشیونالیستانەوە. پەلاماری بنەڕەتیی لە ڕەخنەی ئارێنتدا لە زایۆنیزم لەم نووسینانەیدا ئەوەیە، لەجیاتی ئەوەی خۆیان بەوەوە سەرقاڵ بکەن کە پێگەی پرۆژە سیاسیەکانیان لە کوێدایە لە پەیوەندیی لەگەڵ زلهێزەکاندا، زایۆنیستەکان دەبوایە زیاتر گرنگیان بدایە بە کێشەی بنیاتنانی پەیوەندیی و متمانە لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانیاندا. بێگومان زایۆنیستە "باش"ەکان (کە ئارێنت پشتگیریی دەکردن) سەرقاڵی ئەو کارە بوون. گرفتەکە ئەوە بوو کە زایۆنیستە باشەکان، بەتایبەتی گروپی ئیحود، بەسەرۆکایەتی جودا ماگنەس (Judah. L. Magnes) گۆشەیربوون لەنێو بزوتنەوەی سەرەکی زایۆنیزمدا، هەروەها بەکاوەخۆ زیاتر گۆشەگیرکران. کاتێک جولەکەکانی فەلەستین بەرەو دەوڵەتداری هەنگاویان دەنا، نائاسودەیی ئارێنت لەگەڵ پرۆژەی زایۆنیزمدا زیادیکرد نەک کەم. لەسەروەختی ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی جولەکە لە ساڵی (1947)دا، ئارێنت بەتووندی خەمباریی دەربڕی لە نائامادەگی ئۆپۆزسیۆنیکی نا-زایۆنیستی لە سیاسەتی جولەکەدا، کە بتوانێت دیدگایەکی سیاسی ئەڵتەرناتیف گەڵاڵە بکات. "لەگەڵ پشتگیریی زلهیزەکان بۆ دەوڵەتی جولەکە، نا-زایۆنیستەکان پێیانوابوو کە بۆچوونیان لەلایەن واقیعەوە پووچەڵ کراوەتەوە."

بیگومان لەگەڵ ئەنجامی ڕووداوەکاندا، خودی ئارێنت گەیشتە ئەو براوایەی کە واقیع نا-زایۆنیزمبوونی ئەویشی پووچەڵ کردۆتەوە، بەڵام لە ساڵی (1948)دا ئارێنت هێشتا زایۆنیست نەبوو. بەشێک لە چیرۆکەکە بێگومان ئەوەیە، کە ئارێنت لە ڕوونیی جەنگی جولەکە-عەرەب دەترسا، کە لەوانەبوو لە کۆتاییدا جولەکە بدۆڕێت، دۆڕانێک کە هاوکاتی ئایندەیەکی نادیار دەبوو بۆ شوناسی جولەکە و تەنانەت مانەوەی گەلی جولەکە. ئەگەری خراپ زۆر لە گۆڕێ بوون، کە نەدەکرا کارەساتێکی وێرانکاری (پۆست-هۆلۆکۆست) گرەوی لەسەر بکرێت. خۆ ئەگەر جولەکە جەنگەکەی ببردایەتەوە، دەوڵەتێکی گاریسۆنیی (سەربازیی) لە نێوەندی دەریایەک لە گرژیی عەرەبیی، هەموو وزەی جولەکەکانی بە فیڕۆدەدا، لەوێوە ئەو دەسکەوتە کەمەندکێشانەی تێکدەدایەوە کە تا ئەو ساتە جولەکەکانی فەلەستین بەدەستیان هینابوو، لە نمونەی بزوتنەوەی کیبۆتز. لەم دیدگایەوەیە کە ئارێنت دەنووسێت: "لەم ساتە و لەم هەلومەرجەدا دەوڵەتی جولەکە تەنها دەکرێت لەسەر حیسابی نیشتیمانی جولەکە بنیاتبنرێت." پێدەچێت ڕەوابێت، ئەمانە وەک خەمی ئایندەیی پۆلێن بکەین: کێشانی ڕیسک، پێوانی دەسکەوت بە بەراورد لەگەڵ زیان، لەوانەیە کەسێک بڵێت لەتەک (یان بە هێڵ بەژێردا هێنانی ئەم

داوەریانە)، ئارێنت بنەمایەکی پرینسیپیی باشتری هەبووبێت بۆ ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی جولەکە. ئارێنت بە قووڵی لەگەڵ فیدراڵیزمی جولەکە-عەرەبدا بوو، تەنانەت کە شەڕەکانی جولەکە و عەرەب گەرمتر بوو لە فەڵەستین، ڕازینەبوو دەستبەرداری ئەو بڕوایە بێت کە دەکرێت جۆرێک لە جڤاتی سیاسی لە فەڵەستین بنیاتبنرێت، لەسەر زەمینی ئەزموونی کۆنکریتیانەی هاوکاریی دۆستانەی جولەکە-عەرەب. ئارێنت لە کۆتایی وتارەکەیدا (بۆ ڕزگارکردنی نیشتیمانی جولەکە) کۆمەڵێک پرینسیپ دەدات بە دەستەوە کە بە ڕاشکاوی ئەلتەرناتیڤی (نا-زایۆنیزم)ی ئەو بۆ ئایندەی فەلەستین دیاری دەکەن. "ئامانجی سەرەکی جولەکە لە فەلەستین بنیاتنانی نیشتیمانێکە بۆ جولەکە. ئەم ئامانجە نابێت بکرێتە قوربانی سەروەریی-تەلیسماوی دەوڵەتی جولەکە." "سەربەخۆیی فەلەستین تەنها دەکرێت لەسەر بنەما تۆکمەکانی هاوکاری جولەکە-عەرەبەوە بێتەدی." ئامانجی باڵا بریتیە لە "ستراکچەرێکی فیدراڵی کە [شاندابداتە سەر] شورای جڤاکیی جولەکە-عەرەب": "خود-فەرمانڕەوایی ناوچەیی تێکەڵ بە شورای دەڤەریی و دێهاتیی جولەکە-عەرەب لەسەر ئاستی بچوک و تا ئەو جێگایەی دەکرێت فراوان." دیسان بەشێک لە ئارگومینتەکە خەمی ئایندەییە: فەلەستین خاکێکی ئەوەندە بچوکە کە بە دابەشبوونی دوو جڤاتی سیاسی بەرهەم دێنێت، کە هیچ کام لەوانە نە جێگەی بەدیهاتن و نە خودان سەربەخۆییەکی واتادار دەبێت. "سەروەری نەتەوایەتی کە بۆ ماوەیەکی زۆر سیمبوڵی نەتەوەی ئازاد و پێشکەوتو بوو ئیستا بۆتە مەزنترین هەڕەشە بۆ سەر مانەوەی نەتەوایەتی بۆ نەتەوە بچوکەکان". بەهەمەحاڵ ئارگومێنتە قووڵەکە ڕاستەوخۆ دیارە کە نۆرمبەخشە (normative): پێویستە پیشانی جیهان بدرێت کە لە چوارچێوەی جڤاتێکی سیاسی جووت-نەتەوەدا (bi-national) دوو گەل دەتوانن هاوکاریی یەکتر بکەن.

وەک دیارە ئارگومینتەکەی ئارێنت، کە بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی سیاسی زۆر لەبارە، زۆر بەمێژوویکراوە و لە ناوکۆیی ئاخنراوە. ئەگەر دەوڵەتداریی تاک-نەتەوەیی کارەسات بێت بۆ کۆمەڵێک نەتەوەی بچوک کە لە ململانێدان لەسەر خاکێکی پڕ دانیشتوان، ئایا ناشیونالیزم بۆ نەتەوەی گەورە بەردەوام پرینسیپی شەرعیەت دەبێت لە فەرمارڕەوایی خاکێکی بەرفراواندا؟ ئەگەر سەرکردە ناشیونالیستەکان کەمتر گرنگیان بدایە بە مامەڵە کردن لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژ و گرنگی زیاتریان بدایە بە موبیلیزەکردنی دیموکراسیانە، ئایا ئەمە لە ناشیونالیزم پاکی دەکردنەوە؟ ئەگەر ناشیونالیزم خۆی وەک توخمێک لە خۆشخەیالیی ئادیۆلۆجی نمایش دەکات، چونکە چیتر کەڵکی ڕاستییە سیاسیەکانی ژیانی سیاسی سەدەی بیستەم ناگرێت، ئایا ئەمە بەو واتایەیە کە ئارگومێنت لە دژی ناشیونالیزم ئارگومینتێکی مێژوویی دیاریکراوە زیاتر وەک لە ئارگومێنتێک لە ئاستی پرینسپیڵە گەردونییەکاندا؟ ناوەڕۆکی پەلامارەکەی ئارێنت بۆ سەر دەوڵەتی نەتەوە ئاراستەی بێباکییە گریمانەییەکەی کراوە. وەلێ وەک بیریارێکی سیاسی کە وزەی بێپایانی تیۆریی خۆی بۆ بڵندکردنەوەی فۆرمێکی کۆن لە جڤاتی

سیاسی تەرخان دەکات، زۆر ناڕۆشنە کە بۆچی پێویستە نۆرمبەخشین یەکلاکەرەوەی ئەم ستانداردە مێژووییە بێت.

تا ئەندازەیەک ئاشکرایە کە ئارێنت سیاسەتی جولەکەی دەخواست بەڵام ناشیونالیزمی جولەکە نا، ئارەزوی نیشتیمانی جولەکەی دەکرد بەڵام دەوڵەتی نەتەوەیی جولەکە نا. تا چ ئاستێک ئەمانە داوەری تیۆریی فەیلەسوفێکی سیاسی دەکەن، بە بەراورد لەگەڵ داوەری سیاسەتی 'ڕاگوزەر'ی تەماشاچیەکی سیاسی و تا ئەندازەیەک تێوەگلاو لە کردەی سیاسەتدا؟ بۆ دڵنیابوون ئارێنت وەک فەیلەسوفێکی سیاسی تەنها هەستی بە شوناسێکی لاواز دەکرد، هەروەها شوناسنامەی فەیلەسوفی سیاسی، شتێک بوو کە ئەو سەرسەختانە نەیدەویست لە بەرۆکی بدات. وێڕای ئەمە، ئەگەر ئێمە لە زەمینەی گشتیی تیۆریی زیاتر دەگەڕێین بۆ ئەنتی-ناشیونالیزمبوونی ئارێنت، ناچارین ڕوو بکەینە ڕاڤەکردنەکانی بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتیی و دەوڵەتی نەتەوە لە ناوەڕاستی کارە مێژوویی-تیۆرییە کەمەندکێشەی لە کتێبی (بنەچەکانی تۆتالیتێریانیزم)دا. ئەم کارە بەگشتی، ئاراستەیەکە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە چۆن ئایدۆلۆجیا مۆدێرنەکان سیمای ژیانی سیاسی دەشێوێنن، هەروەها ئارێنت هیچ گومانی نیە کە ناشیونالیزم لە ئاگاهییە گوناهبارەکەیدا وەک ئایدۆلۆجیایەکی پێگەیشتو لە قەڵەم دەدرێت.

باسی سەرەکیی ئارێنت لەسەر ناشیونالیزم، لە ناوکۆییەکی چیرۆکخوانیدا (narrative) دەردەکەوێت و شرۆڤەی ئەوە دەکات کە چۆن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم بزوتنەوەکانی پان (pan-movements) (پان-ئەڵمانی و پان-سلاڤ) لە کوشتاری ڕژێمە تۆتالیتاریەکاندا بەشداربوون. بیرۆکەی بنەڕەتی ئارێنت ئەوەیە کە گرژییەکی (tension) جەوهەری و قووڵ هەیە (لەوانەیە دژوارییش بێت) لەنێوان "دەوڵەت" و "نەتەوە"دا لە پێکهاتەی ئایدیای دەوڵەتی نەتەوەدا، کاتێکیش ڕووبەڕووی وزەی ئەهریمەنیی بزوتنەوەکانی 'پان' و تۆتالتێریانیزمی گشگیر بووەوە، ئەم گرژییە تا ئەو ئەندازەیە چڕبووەوە کە خودی دەوڵەتی نەتەوە تەقیەوە. بەپێی ئارێنت، بزوتنەوەکانی پان بانگەشەی مافی نەتەوایەتیی بۆ خود-فەرمانڕەواییان وەک "کەرەستەیەک بۆ خۆ نەبانکردنێکی ئاسودە" و بۆ فراوانخوازیی ئیمپیریالزمی نەتەوایەتیی بەکاردەهێنا. لە کاتێکدا ئەم بزوتنەوانە ئامرازەکانی شەرعیەت بە خۆدانیان لە ئایدۆلۆجیای ناشیونالیستانەوە قەرزدەکرد، لەڕێی بانگەشەی "یەکخستنی هەموو ئەو گەلانەی سەر بەهەمان بنەچەن، سەربەست لە مێژوو و لەهەر جێگەیەک نیشتەجێ بن"، لەڕاستیدا ئەم بزوتنەوانە بەرجەستەی "بێڕێزیی بۆ بەرتەسکیی دوەڵەتی نەتەوە"یان دەکرد. کاتێک دەرکەوت کە سیستەمی دەوڵەتیی چەسپاو دەستەوسانە لە جڵەوگیرکردنی ناشیونالیزمی ئیمپریالستیی، گۆڕەپانەکە ئاوەڵابوو بۆ بزوتنەوە تۆتالیتێرەکان بۆ تەواوکردنی پرۆسەی داڕوخانی ئایدیای دەوڵەتی نەتەوە، کە بانگەشەی فەراهەمکردنی ئاسایشی بۆ هاوڵاتییانی نەتەوە و ڕێزی بۆ مافی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی دیکە دەکرد. دەوڵەتی نەتەوە (لەگەڵ نەتەوە لەسەر بنەمای

هاووڵاتییبوون وەک ئایدیا سەرەکییەکەی) هاوکات یارمەتیدەر و قوربانی ئەو ئایدۆلۆجیا زۆر سامناک و وەحشییانە بوو کە دەستی وێرانکارییان بەسەر دەوڵەتدا گرت. ئاسانترین ڕێگا بۆ کورتکردنەوەی ڕاڤەکردنەکەی ئارێنت، بریتیە لەوەی کە جووتکردنی دەوڵەت لەگەڵ نەتەوە، دیالێکتیکێکی بەرهەمهێنا کە دەرئەنجامەکەی وێرانکردنی دەوڵەت بوو وەک پەناگەی مۆراڵ-یاسایی بۆ هاووڵاتییەکانی. ناشیونالێزم بریتیە لە دەردناسیی (pathology) (خوێندنی زانستییانەی نەخۆشیی-وەرگێڕ) هاووڵاتییبوون. هاوکات پاش ئەوەی دەوڵەت ملکەچی ئایدیای نەتەوە کرا، لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی فراوانخوازتری نەتەوەدارییدا، کە سنوورەکانی دەوڵەت دەبەزێنێت (هەروەها سنوورە مۆراڵییەکانیش) دەردناسییەکی دیکە بەرهەمهات: بەم جووت دەردناسییە خودی دوەڵەتی نەتەوە بە خراپیی تێکدەشکێت. لێرەوە تێڕامانی قووڵ لەم دیالێکتیکە ئەهریمەنییە، ناچارمان دەکات دووبارە بە ئایدیای دەوڵەتی نەتەوەدا بچینەوە، (باشتریشە وێنای فۆرمی نا-نەتەوەیی بکەین بۆ ڕێکخستنی سیاسیی لەسەر بنەمای هاووڵاتییبوون).

پاش ئەم پێداچوونەوە خێرایە، با ئێستا لە نزیکەوە ببینین کە ئارێنت چۆن لەم گرژییەی نێوان دەوڵەت و نەتەوە دەڕوانێت لە چوارچیوەی ئایدیای دەوڵەتی نەتەوەدا. ئارێنت بە بەراوردێک دەست پێدەکات لە نێوان ئەوەی کە ناوی دەنێت "ناشیونالیزمی خۆرئاوایی" لەگەڵ ئەوەی ناوی دەنێت "ناشیونالیزمی خێڵەکیی" (ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە کە ئێستە بۆتە ستاندارد و وەک جیاوازی نێوان "ناشیونالیزمی مەدەنیی" و "ناشیونالیزمی ئێتنیکیی" ناودەبرێت).

> دەوڵەتی نەتەوە، لەگەڵ بانگەشەی بۆ نوێنەرایەتیی جەماوەریی و سەروەریی نەتەوەیی، وەک ئەوەی کە لە پاش شۆڕشی فەڕەنسییەوە لە سەدەی نۆزدەدا پەرەی سەندووە، دەرئەنجامی کۆبەندیی دوو فاکتەر بوو کە لەسەدەی هەژدەدا جیاوازبوون و هەر جیاواز مانەوە لە ڕوسیا و ئەوستریا-هەنگاریا: گەل و دەوڵەت. نەتەوەکان هاتنە نێو گۆڕەپانی مێژووەوە و ڕزگاربوون پاش ئەوەی خەڵک هۆشیارییان پەیداکرد لەوەی کە یەکەی کەلتوری و مێژوویی جیاوازن، هەروەها دەربارەی خاکەکەیان وەک نیشتیمانی هەمیشەیی، پاش ئەوەی مێژوو، وەک بەرهەمی چێندراوی کۆکاری پێشینەکانیان، ئەو پێشینانەی ئایندەیان وابەستەی شارستانێتییە هاوبەشەکان بوو، ئاسەوارە ئاشکراکانی خۆی لەسەر بەجێهێشت،

ئەو ڕاستییەی کە کۆبەندیی دەوڵەت و گەل لەگەڵ جەختکردنەوەی شۆڕشی فەڕەنسیدا بۆ سەروەریی گشتیی دەست پێدەکات پێمان دەڵێت کە بۆچی ئارێنت بەردەوام ئاماژە بۆ فەڕەنسا دەکات وەک نەتەوە بە پلەی نایاب (nation per excellence) (ئەمە پارادایمی ناشیونالیزمی خۆرئاواییە نەک ناشیونالیزمی خێڵەکیی). "لەڕووی سۆسیۆلۆجیەوە دەوڵەتی نەتەوە ڕێکخستنی سیاسیی چینی جوتیاری ڕزگاربووی

ئەوروپی بوو....ناشینونالیزمی خۆرئاوایی....بەرهەمی چینی جوتیاری ڕزگاربووی ڕەگداکوتاو بوو." بەپێچەوانەوە "لە ناوچەکانی خۆرهەڵات و باشوری ئەوروپا دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوە شکستی خوارد، چونکە نەیاندەتوانی پشت ببەستن بە چینی جوتیاری ڕەگداکوتاو." لەم ناوچانەی ئەوروپا "چینی جوتیار ڕەگی قووڵی لە وڵاتدا دانەکوتابوو و هەورەوەها لەسەر لێواری ڕزگاربوون نەبوو...لە ئەنجامدا، تایبەتمەندێتی نەتەوەییان زیاتر لە کێشەیەکی ناجێگیری تاکەکەسیی دەچوو، خۆڕسک لە نێو خودی کەسێتیاندا، وەک لە خولیایەکی گشتیی و ژیاریی...وڵاتیان نەبوو، دەوڵەتیان نەبوو، بەدیهێنانی مێژووییان نەبوو تا نمایشی بکەن، تەنها پەنجەیان بۆ خودی خۆیان ڕادەکێشا، ئەمەش لەباشترین دۆخدا بۆ زمانەکەیان و لە خراپترین دۆخدا بۆ سلاڤبوون، ئەڵمانبوون یان خودا دەزانێت بۆ کام ڕۆح". لەگەڵ گۆڕانی بەردەوامی سنوورەکان و جوڵەی نەپساوەی پەنابەران و دانیشتوان "هیچ مەرجێک لەگۆڕێ نەبوو بۆ هوشیاریی لە چەشنی خۆرئاوایی، لە هەمبەر سێکوچکەی گەل-خاک-دەوڵەت." ئارێنت لە دەرئەنجامدا دەڵێت، ناشیونالیزمی خێڵەکیی "لەم ژینگەی بێ ڕەگییەدا پێگەیشت." (هەروەها هەر ئەم جۆرە لە ناشیونالیزم بوو کە زەمینەی گەشەسەندنی بۆ تۆتالیتاریانیزم فەراهەم کرد.)

ئارێنت، پاش ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە سامناکەی ناشیونالیزم، کەچی هێشتا کێشەیەکی گەورە دەبینێت لە ئایدیای دەوڵەتی نەتەوەدا تەنانەت لە باشترین دەقیدا (کە ئەویش خۆرئاواییە):

> پاراستنی کۆی دانیشتوانی خاکێک بەدەر لە نەتەوایەتییان ئەرکی بۆماوەی دەوڵەت بوو، هەروەها دەبوایە وەک دامەزراوەیەکی یاسایی باڵا کاربکات. تراژیدیای دەوڵەتی نەتەوە ئەوە بوو، کە بەرزبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی خەڵک لەگەڵ ئەم ئەرکانەدا ناتەبایی دروست کرد. دەوڵەت ناچاربوو بەناوی ئیرادەی گەلەوە تەنها دان بە 'ئەندامانەی نەتەوەدا' بنێت وەک هاووڵاتی، مافی سیاسیی و مەدەنیی تەنها بەوانە ببەخشێت کە بەشێک بوون لە جڤاتی نەتەوایەتیی بەپێی مافی لەدایکبوون و بنەچە. ئەمە بەواتای ئەوە بوو کە دەوڵەت تا ئەندازەیەک لە کەرەستەی یاساوە گۆڕا بۆ کەرەستەی نەتەوە.

بەکورتی دەوڵەت لەلایەن نەتەوەوە داگیرکرا، بەشێوەیەک کە نەتەوە دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرێت بۆ مەبستی نەتەوایەتیی و پیچەوانەکردنەوەی ئاراستەی ئەرکەکانی دەوڵەت کە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی بوون. ئارێنت ئەم پێشڤەچوونە لەڕووی سیاسیەوە بە داڕوخانی پادشایی ڕەهاوە گرێ دەدات و لەڕووی سۆسیۆلۆجیەوە بە دەرکەوتنی چینەکان: "تەنها پردێک کە مابێت لەنێوان هاووڵاتی و دوەڵەتی نەتەوەدا بەبێ پادشاییەک کە بەرجەستەی بنچینەی جڤاتەکەیان بکات، پێدەچێت نەتەوە بێت، نەتەوە بەواتای بنەچەیەکی هاوبەش....هەروەها لە سەدەیەکدا کە

هەموو چین و توێژێک لەنێو دانیشتواندا ژێردەستەی بەرژەوەندیی چین یان توێژ بوون، بڕیاربوو بنەچەی هاوبەش گەرەنتی بەرژەوەندیی کۆی نەتەوە بکات، ئەمەش بەرهەستیانە لە ناشیونالیزمدا دەربڕینی لە خۆی دەکرد". هاوکات ئارێنت ئەمە دەبەستێەوە بە تاکگەرایی لیبراڵیەوە، هەروەها بە سێنتراڵیزەکردن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە: "وادیارە ئەوە ئیرادەی نەتەوە بێت کە دەوڵەت دەیپارێزێت لە دەرئەنجامی پرژبوونە (atomisation) کۆمەڵایەتیەکەیەوە...تەنها بەڕیوەبەرێتیەکی سێنتراڵی بەهێز...دەتوانێت هاوسەنگی بگێڕێتەوە بۆ ئەو هێزانەی لە نێوەند دادەبڕێن لە کۆمەڵگایەکدا کە سیخناخە بە چین (class). لیرەوە ناشیونالیزم، بووە چیمەنتۆیەکی بەنرخ بۆ پێکەوەلکاندنی دەوڵەتێکی سێنتراڵیزەکراو و کۆمەڵگایەکی پرژبوو."

ئەوەی سەرهەڵدەدات ئەوەیە، کە ئارێنت وەک "پێکدادانی نهێنیی نێوان دوەڵەت و نەتەوە" دەیناسێنێت، شتێک کە هاوشێوەبوو لەگەڵ "خودی لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەی مۆدێرن، کاتێک شۆڕشی فەرەنسی جاڕنامەی مافی مرۆڤی گرێدا بە داوای سەروەریی نەتەوەییەوە.":

> هەمان ئەم مافە بنەڕەتیانە لەیەک کاتدا وەک مافی ڕەهای هەموو مرۆڤایەتیی و وەک کەلەپوری نەتەوەیەکی دیاریکراو پێیان لەسەر دادەگیرا، هەمان ئەم نەتەوەیە لەیەک کاتدا رایدەگەیاند کە ملکەچی یاساکانە، کە گوایا لە مافەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتوە، هەروەها سەروەرە، شتێک کە ملکەچی هیچ یاسایەکی گەردوونی نییە و هیج شتێک لەخۆی بە بەرزتر نازانێت. دەرئەنجامی کرداریی ئەم دژوارییە ئەوەبوو کە لەوساتە بەدواوە مافی مرۆڤ تەنها وەک مافی نەتەوایەتیی دەپارێزرا و جێبەجێ دەکرا هەروەها خودی دامەزراوەی دەوڵەت، کە ئەرکی باڵای پاراستنی مافی مرۆڤ بوو وەک مرۆڤ، وەک هاوڵاتی و وەک هاونیشتیمانیی، ئەرکە یاساییەکەی و ڕوخسارە ڕەشناڵەکەی لەدەستدا، کە ڕۆمانتیکەکان وەک بەرجەستەکردنەوەی تەلیسماوی 'ڕۆحی نەتەوە' دەیانناساند، کە ئەمە بۆ خۆی لە سەرو یاساوە دادەنرا. سەروەری نەتەوایەتیی، بەم پێیە، ناواخنە بنەڕەتیەکەی دەربارەی سەربەستیی گەل لەدەستدا و بە نەسیمی پێشلکاریی بێیاسایی و بێناونیشان دەورەیدرا.

ناشیونالیزم، ئارێنت ئاکامگیریی دەکات، "لە دەرئەنجامدا دەربڕین لەو گۆڕینە ناقۆڵایەی دەوڵەت دەکات بۆ کەرەستەی نەتەوە، هەروەها هاوتەباکردنی هاوڵاتیی لەگەڵ ئەندامی نەتەوەدا."

ئەوەی زۆر گرنگە لەم ڕاڤەکردنەدا، ئایدیای "داگیرکردنی دەوڵەتە لەلایەن نەتەوەوە"، نەتەوەیەک کە ئارێنت لە "دێلۆس" (J. T. Delos)ی وەردەگرێت، وەرگرتنێک کە ڕانانێکی سۆزدارە بۆ کتێبە دوو بەرگییەکەی دێلۆس بەناوی "نەتەوە" (La Nation)، هاوکات ئارێنت تێڕامانی نوێ پێشکەش دەکات لەسەر گرژی نێوان دەوڵەت و نەتەوە. ئارێنت دەنووسێت: "واقیعی سیاسیی زۆر گرنگی سەردەمەکەی ئێمە، بە دوو ڕاستیی نەخشێنراوە: لەلایەکەوە، لەسەر 'نەتەوە' نبیاتنراوە، لەلایەکی ترەوە، بە بەردەوامیی

شێوێندراوە و بەچڕیی داڕزێنراوە لەلایەن ناشیونالیزمەوە". لێرەوە "پێویستە پرینسپڵێکی سیاسیی بدۆزینەوە کە ڕێگربێت لەوەی نەتەوەکان پەرە بە ناشیونالیزم بدەن، پاشان زەمینەیەکی بنەڕەتیی بۆ جڤاتی نێودەوڵەتی فەراهەم بکات، کە بتوانێت شارستانێتیی جیهانی مۆدێرن بەرجەستەبکات و بیپارێزێت." نەتەوە و دەوڵەت نوێنەرایەتی دوو پرینسپڵی دژ بەیەک دەکەن:

> گەلێک دەبێتە نەتەوە کاتێک [دەگاتە هۆشیارییەکی مێژوویی دەربارەی خۆی]؛ بەوپێیەی کە لکاوە بە خاکێکەوە کە بەرهەمی کاری ڕابوردووە، هەروەها مێژوو جێدەستی خۆی لەسەر بەجێهێشتوە. نەتەوە، ڕەنگدانەوەی ئەو 'نێوەندەیە' (milieu) کە مرۆڤ تێیدا لەدایک دەبێت، کۆمەڵگایەکی داخراوە کە کەسێک ئەندامیەتی بەپێی مافی لەدایکبوون. لە بەرامبەریشدا دەوڵەت، کۆمەڵگایەکی کراوەیە، فەرمانڕەوایی خاکێک دەکات کە لەوێدا دەسەڵاتەکەی، یاساکان دروست دەکات و دەیانپارێزێت. دەوڵەت، وەک دامەزراویەکی یاسایی، تەنها هاوڵاتیی دەناسێت بەدەر لەوەی سەر بەکام نەتەوەن؛ فەرمانی یاساکانی دەوڵەت هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەبەر هەر هۆیەک بێت لەسەر خاکەکەی دەژین.

لیرەدا ئارێنت، بەپێچەوانەی شوێنی دیکەوە کە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوە دەداتە بەر تانە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە، ئەوە دەسەڵاتخوازیی "کراوەی" دەوڵەتە کە دەبێتە پاڵنەر بۆ خولیای فراوانخوازیی بەنوینەرایەتی نەتەوە، لەکاتێکدا نەتەوە وەک جڤاتێکی "داخراو"، لە خاکەکەی خۆی مارەکراوە. لەبەرئەوە "دواجار ئەو خەونە کۆنەی ئاشتیی سروشتیی (innate pacifism) نەتەوەکان، کە گوایا ڕزگاربوونیان گەرەنتیی سەردەمی ئاشتی و خۆشبەختی دەکات خەونێکی تەواو فریودەر نەبوو." بەڵام ئارێنت ئاراستەکەی پێچەوانە دەکاتەوە و ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ ناساندنی نەتەوە وەک لایەنە بەدەکەی ئەم هاوپەیمانێتیە بەدبەختە:

> داگیرکردنی دەوڵەت لەلایەن نەتەوەوە بە بانگەشەی سەروەریی نەتەوە دەستیپێکرد. ئەمە یەکەم هەنگاو بوو بۆ گۆڕینی دەوڵەت بۆ کەرەستەی نەتەوە کە لە دواجاردا لەو فۆرمە تۆتالیتێرانەی ناشیونالیزمدا کۆتاییهات، کە تیایاندا هەموو یاسا و دامەزراوە یاساییەکانی دەوڵەت وەک کەرەستەی پاراستنی نەتەوە ڕاڤەدەکران. لێرەوە هەڵەیە کە ئەهریمەنی سەردەمەکەمان لە بەخوداکردنی دەوڵەتدا ببینین. ئەوە نەتەوەیە کە پێگەی باوی خودا و ئایینی لەقکردوە.

پێدەچێت کە ڕاگۆڕینێکی ئاشکرا هەبێت لای ئارێنت، لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت نەتەوە گەندەڵ دەکات یان نەتەوە دەوڵەت گەندەڵ دەکات. بەهەمەحاڵ، ئەرکی دەوڵەت و نەتەوە شتێکی یەکلاکەرەوەیە لەکاتی خولیا ئیمپیریالیستیەکانی دەوڵەتدا (لەگەڵ ئەگەری گەورەی بەئەهریمەنبووندا) کە بەناوی نەتەوەوە بەرەوپێشەوەی دەبات.

"گومانێکی کەم هەیە لەسەر ئەوەی کە شارستانێتیی لەبەین دەچێت، ئەگەر لەپاش تێکشکانی یەکەم فۆرمی تۆتالیتێریانیزم ئێمە نەتوانین سەرکەوتوانە چارەسەری کێشەی بونیادە سیاسەیەکانی خۆمان بکەین." لە ئاماژەیدا بۆ "یەکەم" فۆرمی تۆتالیتێریانیزم، ئارێنت بەئاشکرا مەبەستیەتی بڵێ، ئەو پرۆسەیەی کە ناشیونالیزمی گۆڕی بۆ فاشیزم، و دەوڵەتی نەتەوەی گۆڕی بۆ دەوڵەتی تۆتالیتێریان، شایانی کۆپی کردنەوەیە ئەگەر بەکتریای ناشیونالیستانە لە پەلوپۆ نەخرێت. ئەمە چۆن دەکرێت؟ کلیلەکە لێرەدا دووبارە دانانی بەربەستە لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەدا: "دەوڵەت، دوور لەوەی کە هاوشێوەی نەتەوە بێت، پارێزەری باڵای ئەو یاسایانەیە کە گەرەنتی مافی مرۆڤ دەکەن وەک مرۆڤ، مافەکانی وەک هاوڵاتیی و مافەکانی وەک هاونیشتیمانیی...لەنێو ئەم مافانەدا تەنها مافی مرۆڤ وەک هاوڵاتیی مافی سەرەکیین، "لەکاتێکدا مافی هاونیشتیمانیی لەم مافانەوە هەڵێنجراون و سەرچاوەیان گرتوە." لەکاتێکدا ئەم جیاوازییانەی نێوان هاوڵاتیی و هاونیشتیمانیی، نێوان ڕێکخستنی سیاسی و ڕێکخستنی نەتەوایەتیی، نەسیم لە چارۆکەکانی ناشیونالیزم دەسەننەوە، لەڕیگای دانانی مرۆڤ وەک هاونیشتیمانی لە شوێنی شیاوی خۆیدا لە ژیانی گشیتدا، پێداویستی گەورەتری سیاسیی شارستانێتیی ئێمە...بەپێی ئایدیای فیدێرەیشن بەدیدێت. لەنێو ستراکچەرێکی فیدرالْدا، هاونیشتیمانێتی دەبێتە پێگەیەکی تاکەکەسیی زیاتر وەک لە پێگەیەکی وابەستە بە خاکەوە."

لە پێشەکیی (1967)یدا بۆ بەرگی دوومی (بنەچەکانی تۆتالیتاریانیزم)، ئارێنت دەڵێت ئەو بەشەی تەرخانە بۆ 'ئیمپێریالیزم'، "چیرۆکی لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتی نەتەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە". مانای چییە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەیتەوە کە دەوڵەتی نەتەوە بەم شێوەیە لەبەریەکهەڵوەشاوەتەوە؟ ئارێنت هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە لە چاپتەرێکی گرنگدا بداتەوە بەناونیشانی "لێژبوونەوەی دەوڵەتی نەتەوە و کۆتایی مافەکانی مرۆڤ". گەورەترین کێشەی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوە لە ئەورووپای پاش جەنگی جیهانی یەکەمدا، بریتیبوو لەو ژمارە زۆرەی کەمایەتیی، کە نەدەکرا لە چواچێوەی پرینسپڵی دەوڵەتی نەتەوەدا شوێن بگرن، لێرەوە ژمارەیەکی گەورە هەبوو لە "گەلانی ناڕازیی لەڕووی نەتەوایەتیەوە". هەروەها لەبەرئەوەی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوە کە لەلایەن شۆڕشی فەرەنسیەوە داڕێژرا، بانگەشەی ئەو تێرامانەی کرد کە مافەکانی مرۆڤ و مافە نەتەوایەتییەکان لیکجوداناکرێنەوە، دەیەها ملیۆن خەڵکی بێنەتەوە لە ئەورووپا هاوکات لە بنەڕەتدا بێماف مانەوە، چونکە پریسیپڵی دەوڵەتی نەتەوە بێبەشیکردن لە گەرەنتی سیاسیی کاریگەر بۆ پاراستنی مافەکانیان. هاوشێوە (بگرە لەوەش زیاتر) کێشەی گەورە بارودۆخی ئەوانە بوو کە بووبوونە قوربانی ڕاگواستنی کۆگیری دانیشتوان، خەڵکێک کە "دەگەڕێنرانەوە" (repatriate) بەبێ ئەوەیماڵێکی نەتەوایەتییان هەبێت کە بۆی بگەڕێنرێنەوە. ئەگەر کەمە نەتەوەکان "نیوە بێدەوڵەت" (half stateless) بوون، حەشامەتی پەنابەری ڕاگوازراو و بێگانەی

ناهاوڵاتییکراو بەتەواویی بێدەوڵەت بوون، لەپەیوەند بە پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانیانەوە. ئایدیای مافەکانی مرۆڤ کە لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسیدا لەدایکبوو، بەمەبەست بڕیاربوو کە گەردوونی بێت. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی باوەشیان بەم دۆکتریانەی مافەکانی مرۆڤدا کرد، بەمەست بڕیاریاندا کە گەردوونی نەبێت. هەروەها گۆڕانی دەوڵەت بۆ دەوڵەتی نەتەوە، پێناسەیەکی نەتەوایەتیی بەخشی بە سنووری ئەو جڤاتەی کە مافی مرۆڤ لە چوارچێوەیدا جێبەجێدەکرێت. ئەوانەش کە بەبێ هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان مانەوە (دووبارە بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی ئەوروپا)، بۆیان ئاشکرابوو کە بەکارهێنانی 'گەردوونیانەی' مافەکانی مرۆڤ زۆر شێواو بەکاردەهات لەپەیوەند بە خۆیان. مافەکانی مرۆڤ ئاماژەبوون بۆ پیداگرتن لەسەر سەروەریی مرۆڤ، بەڵام:

> کاتێک کە دووبارە، مرۆڤ بێسەروشوێن بووەوە لەنێو ئەندامێتیی گەلێکدا. وادیاربوو کە تا ئەندازەیەکی زۆر دووربوو لە ڕزگاربوونی تەواوەوە، بوونەوەرێکی تەواو پەراوێز کە کەرامەتی خۆی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو، بەبێ ئاماژەدان بە نەزمێکی باڵاتر کە لەخۆی بگرێت...هەر لە سەرەتاوە بانگەشەی مافە ڕەواکانی مرۆڤ پارادۆکسێکی لەخۆ گرتبوو، کە پێشنیاری مرۆڤێکی دەکرد کە پێدەچوو لە هیچ شوێنێک بوونی نییە...لێرەوە پرسی مافەکانی مرۆڤ، بەخێرایی و بەرەهایی تێکەڵی پرسی ڕزگاریی نەتەوایەتیی کرا، کە بە تەنها سەروەریی ڕزگاربووی نەتەوایەتیی گەلان، گەلی دیاریکراوی کەسێک، دەیتوانی زامنیان بکات. مرۆڤایەتیی، پاش شۆڕشی فەڕەنسی، لە وێنەی خێزانی نەتەوەکاندا وێناکرا، لەبەرئەوە پاشتر ئاشکرا دەرکەوت کە گەل، نەک تاکەکەس، وێنەی مرۆڤە.
>
> پێش هەموو شتێک، مافەکانی مرۆڤ، وەک "ڕەتنەکراوە" (inalienable) دەناسێنران، چونکە بڕیاربوو کە سەربەخۆبن لە هەموو حکومەتەکان، بەڵام دەرکەوت، لە ساتەوەختێکدا کە مرۆڤ بێ حکومەت بوو، هیچ دەسەڵاتێک نامێنێت بۆ پارێزگاری کردنیان و هیچ دامەزراوەیەک ئامادەنابێت گەرەنتیان بکات.

"لکاندنی مافەکانی مرۆڤ و مافە نەتەوایەتییەکان". لە سەرنجی ئەوانە هەڵنەهات کە بێ پارێزگاریی مابوونەوە، بەوردیی مەبەست کەمایەتیی و بێدەوڵەتەکانە. ئەوان بەخۆیان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە "لەدەستدانی مافە نەتەوایەتییەکان هاوشێوەی لەدەستدانی مافەکانی مرۆڤە، واتا ئەوە یەکەمە کە دووەم لەخۆ دەگرێت. هەتا زیاتر لە مافەکانیان بێبەش دەکران، زیاتر مەبەستیان بوو کە هەوڵی یەکگرتنەوە بدەن وەک نەتەوە و لە جڤاتی نەتەوەیی خۆیاندا". هەلومەرجی بەربڵاوی پێشلکردنی مافی کەمایەتیی و بێمافکردنی بێدەوڵەتەکان لە سەدەی بیستەمدا (کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە) شەرعیەتێکی حاشاهەڵنەگری بەخشی بەو نیگەرانییانە. لێرەوە وادیارە کە سیاسەتی خێوئاسای سەردەمەکەمان بریتیە لەوەی کە ئەو مافانەی مرۆڤ کە گوایا گەردوونین، بێمانان ئەگەر ڕەگیان لە زەمینی جڤاتێکی نەتەوایەتییدا دانەکوتابێت،

جڤاتێک کە ئامادەیە مافی هاونیشتیمانیانی بەرزڕابگرێت؛ مافی بنەڕەتی کە "مافی هەبوونی ماف"ە، پێشنیاری ئەوە دەکات، کە دامەزراوە تایبەتەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراو تەنها مافی ئەوانە دەپارێزن کە بە دروستی بە ئەندامی خۆیانیان دەزانن. "لەدەستدانی مافە نەتەوایەتییەکان لە هەموو دۆخێکدا مانای لەدەستدانی مافەکانی مرۆڤە".

لێرەا پارادۆسێکی ڕاستەقینە لە ئارگومێنتەکەی ئارێنتدا بەدیدەکرێت. ئارێنت جەخت لەوە دەکات کە مافی سەرەکیی مرۆڤ مافی هەبوونی مافە، بەواتای مافی هەبوونی دەوڵەتی (نەتەوایەتیی) کە بەرپرسیارێتیی پاراستن و جێبەجێکردنی مافی تاک لەئەستۆ بگرێت. لێرەوە (وێڕای ئەوەی ئارینت خۆی وەک ڕەخنەگرێکی توندی ئەو تێگەیشتنە لە دەوڵەت دەناساند، کە بنەماکەی نەتەوایەتییە، هەروەها هاوڕای ئەو بۆچوونە بوو کە دەڵێت، دەوڵەتی نەتەوە لەڕۆژبەدەرە)، لۆجیکی ئارگومێنتەکەی لەوەدەچێت داخوازیی بەکارهێنانی دەوڵەتی نەتەوە بکات زیاتر وەک لە خامۆشکردنی. تا ئەندازەیەک ئارێنت وەڵامی ئەم پارادۆکسەی لایە، وەڵامەکەی پێدەچێت ئەوەبێت، کە بە تێڕامان لە ئەزموونەکانمان لە سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ ئەو لەبەریەکهەڵوەشانە ئاشکرایەی دەوڵەتی نەتەوە لە دەرئەنجامی هەڕەشە نیمچە تۆتالیتاریی و تۆتالیتارییەکانەوە، تەنها ڕێگایەک بۆ کردنی دەوڵەت بە خەزێنەی مافەکانی مرۆڤی هاوڵاتیانی خۆی، بریتیە لە دەرهێنانی نەتەوە لە دەوڵەتی نەتەوە. (ئارێنت بەئاشکرا بڕوایوابوو کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک جڤاتێکی سیاسیی ئەم مەرجەی دەوڵەتداریی بێنەتەوەی بەدیهێناوە). بۆ کردنی ئەمە پێویستە کە دەوڵەت بە تۆڕێک لە پەیوەندیی فیدراڵیی بتەنرێت، هەم لەخوار دەوڵەتەوە و هەم لەودیو دەوڵەتەوە، لێرەوە دەربازدەبین لە دەوڵەت وەک بنکەی سەروەریی. لەبەرئەوەی ناشیونالیزم وەک ئایدۆلۆجیایەک ناچارە بە داواکردنی سەروەریی نەتەوایەتیی، ئەم ڕێکخستنەوەیەی دەوڵەت وابەستەیە بە ڕزگارکردنی خۆمانەوە لە خولیای ناشیونالیستانە.

پیدەچێت لە بنەڕەتدا ئەوەی ئارێنت مەبەستیەتی لە داخزان و لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتی نەتەوە، بریتیبێت لەوەی کە ئەو دەوڵەتانەی لەسەر پریسپڵی ئەندامێتی نەتەوە ڕێکخراون، لە ئەنجامی مامەڵەیانەوە لەگەڵ کەمە نەتەوەکان و پەنابەرە بێدەوڵەتەکان لە سەدەی بیستەمدا، هێندە بە قووڵی خۆیان بێبەهاکردبێت کە مرۆڤایەتی ناچارە هەوڵی دۆزینەوەی تێڕامانێکی جیاواز بدات بۆ هاوڵاتییبوون. بەڵام ڕەخنەی مۆراڵیی لە هەڵسوکەوتی زۆرێک لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان نامانگەیەنێتە ئاکام سەبارەت بە نیگەرانیی دەربارەی ئەگەرە مێژووییەکانی ئەم جۆرە لە دەوڵەت: لیستێک لە گوناهەکانی دەوڵەتی نەتەوە لە سەدەی بیستەمدا، خود بە خود گەرەنتی کپکردنی ئەم ئادیایەی دەوڵەت ناکات، یان خولیای بەربڵاوی خەڵک ناسڕێتەوە، جا ڕەوابن یان ناڕەوا، بۆ پێناسەکردنی هاوڵاتییبوون بەپێی نەتەوەداریی هاوبەش.

لە دەرئەنجامدا، ڕێگەم بدەن دوو ڕەنگدانەوە پێشکەش بکەم دەربارەی ڕێچکە تیۆرییەکانی هانا ئارێنت، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ساڵە یەکلاکەرەوەیەدا، (1989). لەلایەکەوە، 1989 پیداگرتنی چەندبارەی ئاڕێنتی پشتڕاستکردەوە کە لە کتێبی 'دەربارەی شۆڕش' (On Revolution)دا نووسی شۆڕش: "تا ئایندەیەکی پێشبینیکراو لەگەڵمان دەمێنێتەوە...ئەم سەدەیە...زۆر بەدڵنیاییەوە وەک سەدەی شۆڕش دەمێنێتەوە". لەلایەکی ترەوە، زیادبوونی بەرچاوی سیاسەتی دەوڵەتی نەتەوە لەپاش 1989 ەوە (کە هەموو شکستێکی کۆمیونیزم دەبووە سەرکەوتنێکی ناشیونالیزم) ئاماژەیە بۆ نادروستی هەڵوێستە تیۆرییەکانی ئارێنت لەسەر سیاسەتی ناشیونالیستانە. وەک نەوە لیبراڵ و مارکسیستەکانی بەرلەخۆی، هانا ئارێنت زۆر خێرابوو لە گریمانەی ئەوەی کە دەوڵەتی نەتەوە تووڕهەڵدراوەتە سەر تەپۆڵکەی زبڵی میژوو. بەوپێیەی کە ئارێنت پارێزگاریی گشتیی (general immunity) هەبوو بۆ ئارگومێنتی مێژووگەرایی (historicism)، دەشێت جێگەی سەرسامی بێت کە ئەم بۆچوونەی خوارەوە سەبارەت بە ناشیونالیزم دەردەبڕین: ئەگەر بۆ کەسێک ناشیونالیزم بنەمایەکی چەوتە بۆ سیاسەتی مۆدێرن، پێویستە، ئەو کەسە، لەڕێگای دژە ئارگیومێنتێکی نۆرمبەخشەوە (normative counter-argument) هەڵوێست لەسەر بەرەنگارییە سیاسیی و تیۆرییەکانی ناشیونالیزم وەربگرێت، نەک لەڕێگای متمانەیەکی مێژووگەراییەوە کە دەڵێت، دواجار خۆر لەسەر دەوڵەتی نەتەوە ئاوابوو.

سەرنج (وەرگێڕ):

* هەموو ئەو دێڕانەی خراونەتە نێوان جووت کەوانەوە، دێڕی هانا ئارێنتن

* هەموو ئەو پەرەگرافانەی بچوککراونەتەوە و بە فۆنتی ورد نووسراون، نووسینی هانا ئارێنتن.

* لەزۆربەی ئەو نووسینە کوردیانەدا کە لەسەر تۆیالیتاریانیزم نووسراون، هەڵەیەکی زەق بەرچاودەکەوێت کە شایانی ڕاستکردنەوەیە. ئەویش بەکارهێنانی "تۆتالیاریزمە" لەجیاتی "تۆتالیتاریانیزم"، یان "تۆتالیتار" لەجیاتی "تۆتالیتاریان". ڕاستییەکەی لە هەموو زمانەکاندا تۆتالیتاریانیزم (یان تۆتالیتێریانیزم)ە بۆ سیستەمی حوکم و

تۆتالیتاریان (یان تۆتالیتێریان)ە بۆ ئەو دەوڵەتەی/دەسەڵاتەی کە ئەم جۆرە لە سیستەمی حوکم پەیڕەودەکات.

سەرچاوە:

Beiner, Roland. (2000), Arendt and Nationalism, in Dana, Villa, (ed), The Cambridge Companion to Hanna Arendt, Cambridge: Cambridge University Press, pp.44-62.

www.dengekan.com @مافی کۆپیکردنی ئەم بەرهەمە پارێزراوە